# گفتوگۆ لە گەل خانم ماودە بارلۆف، بەرپرسی ڕێکخراویBlaues Gold  بۆ پاراستنی ژینگە لە کەندا لەبارەی کێشەی ئاو



پرسیاری: بارلۆڤ خانم، چۆن بارودۆخی ئاو دەبینن؟

وەڵام: گەروەترین قەیرانی ژینگەیە لە ئێستاماندا. لە 10ساڵی داهاتوودا، لێپرسین بۆ ئاووی خواردنەوە دەگاتە سەرووی56%. لە"شوێنە گەرمەکان"دا، ئاوو وەشك دبێ، واتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، 22وەڵاتی ئەفریقایی، لە بەشێکی نێوەندی ڕۆژئاوای ئەمریکا. چین، لەبەر ئاجبایەیتی ئابووریيان، ئاووی باکووری وەڵاتەکەیان گۆڕیوە و لە 600شاری باکوری چین، 400یان لە کەمی ئاوو دەناڵێنن. تەنانەت بانقی جیهانی دەڵێ، لەوانەیە ئەم بارودۆخە(ووشکبوونی سەرچاوەی ئاوو) تا ساڵی 2025، دوو لەسەر سێی گوێ زەوی بگرێتەوە، ئەگەر بێت و بەباشی کۆنترۆڵی نەکەین. یەك لەسەر سێی دانیشتوانی زەوی، لە ئاوو، بێبەش دەبن. 75%ی هەموو ڕووبار و دەریاکانی رووسیا زۆر ژەهراوین و لە چین دەگاتە80%.



پرسیار: بە موڵکایەتیکردنی تایبەتی ئاوو، دەتوانێ کۆمەکمان پێ بکا؟

وەڵام: حکومەتەکانی باکوور نیولیبراڵیزمیان ڕاگەیاندووە و دەوڵەتە پێنەگەیشتووەکانی دەبێ سنوورەکانیان بۆ شەرکەتە باننسیونالەکانی ئاوو، بکەنەوە بانقی جیهانی، بیرۆی یارمەتی گەشە پێدان و بەداخەوە بەشێك لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو کارە هاریکارییان دەکەن.

پرسیار: ئایا ئەوە بەرەیەك تاکرەوییانەیە؟

وەڵام: زۆر لە تاکرەوییەوە نزیکە. ناکۆکییەکە بریتییە لە: زۆربەی دەوڵە پیشەسازییەکان، سیستێمی ئاوو کراوەیە. ئەوەی نارەحەتمان دەکا ئەوەیە، ئۆروپای یەکگرتوو لە کفتوگۆیەکانی(GATS)ی ڕێکخراوی بازرگانی جیهاندا، داوایان کرد70% وەڵاتان، کەرتی ئاووەکانیان بۆ شەرکەتە بانناسیونالەن بکەنەوە، لەکاتێکدا، هەمان ئەم داخوازییە بۆ وەڵاتەکانی خۆیان، ڕەتدەکەنەوە. ئەمە مانای وایە جیهانی سێ ناتوانن کێشەی ئاوو چارەسەر بەن، و دەبێ وەك کەرتێکی تایبەت ڕێکبخرێت.

پرسیار: بەڵام بەرتیلدان کێشەیەکی زۆر گەورەیە...

وەڵام: بەڵێ، ئەمە باشترین بەڵگەی شەرکەتەکانە. من پێموایە، ئەڵتەرناتیڤی حکومەتێکی خراپ، حکومەتێکە بەبەردەوام باش بێ و : ئاوو موڵگایەتییەکی گشتییە و نابێ لەسەر بنەمای قازانج دابەش بکرێت.

پرسار. بۆچی ئێستا شەرکەتەکانی ئاوو ئەوەندە بەتوندی چاویان لە ئەمریکای لاتین کردووە؟

**وەڵام: ئەمریکای لاتین شوێنی ئەزمایشگەرییە، لەسەر بنەڕەتی سەروەتی ئاوو، دەبێ لاتین ئەمریکاییەکان گەورەترین بەشی ئاویان هەبێ لە جیهان. لەڕاستیدا لە هەموو کەمتریان هەیە. شەرکەتەکانی مۆڵەتی دەیانەوێ هێرش بۆ ئەو سەرچاوە ئاوە شیرینانە ببەن کە هێشتا پیس نین. ئەم نیازە لەلایەن بانقی جیهانییەوە پشتیوانی دەکرێ و دەڵێن، ئەگەر ئێوە پوولتان لە ئێمە دەوێ، تا گەشەپێدانی ئاووەکانتان یارمەتیان بدەین، ئەوا دەبێ ڕێ بە شەرکەتە تایبەتییە جیهانییەکان بدەن، بێنە ناو وەڵاتەکانتانەوە.**
**من ناوی هەندێ لە((*ڕاوچییەکانی ئاو*)) دەهێنم:** (Suez, Vivendi, RWE, Nestle)

**پرسیار: لەشکری ئەمریکا باس لە"شوێنی بەتاڵ"دەکەن لە ئەمازۆن و شوێنەکانی تر.**

**وەڵام: بەڵێ، زلهێزەکان لە هەرکوێ بۆشاییەك ببینین، دەچنە ناوی. لە هندستاندا، شەرکەتی کۆکاکۆلا لە سەتەلایتی سەربازی ئەمریکاوە وێنەی یەدەکی ئاووی خواردنەوەیان دەستدەکەوێ، چونکە ئەوان تەماشادەکەن، گەلانی ئیندۆ لە کوێ دەژێن، خۆشیان بۆ ئەوێ دەڕۆن و فابریکێکی ئاووخواردنەوە درووست دکەن، هەڵبەت لەو شوێنانە کە کەمتر ڕووبەڕووی بەرگری دەبنەوە.**

**پرسیار: ئەڵتەرناتیڤی ئێوە چییە؟**

**پاراستنی ژینگە و دادپەروەری ئاوو، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. هیچ شەرکەتێك ناتوانێ بە گوێرەی ئەم دوو پرەنسیپە کاربکەن، چونکە ناتوانن قازانج بکەن. دەبێ دەستکەوتنی ئاوو، وەك مافی مرۆڤ سەیر بکرێ وئەم جۆرە سەرچاوەیە نابێ بفرۆشرێت.**
**ڕۆژی** 30. 1. 2005

**لە ئەڵمانییەوە: سەلام عەبدوڵلا**
**سەرچاوە: سایتی ستاندار. ئەت، بڵاوکراوەتەوە**